ژمارە: ٥٩١٠ No:

ڕێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٧ ی زایینی Date: / /

٢ / ٥ / ٢٧١٧ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکـــردە

**بۆ/ زانکۆی دهۆک: نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ**

**نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا**

**ب/ پەسەندکردنی پلانی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرای سیمستەری هاوینە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧**

**سڵاو و ڕێز ...**

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٢٢٧١) لە (٢٠١٧/٣/٢٦) سەبارەت بە پلانی خوێندنی باڵا/ماستەرو دکتۆرای زانکۆتان, پێتان ڕادەگەیەنین کە پاش پەسەنکردنی پلانی زانکۆکان لە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٤/١٦), بڕیاردرا بە پەسەندکردنی پلانی زانکۆتان بەم شێوەیەی لە خشتەی هاوپێچ هاتووە.

**هاوپێچ/**

پلانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا.

**تێبینی/**

١- دەستپێکردنی خوێندنی وەرگیراوان لە سیسمتەری داهاتووی خوێندن دەبێت.

٢. سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە بەشی ژمێریاری لە کۆلێژی کارگێری و ئابووری، ڕەزامەندی نەدرا بە هۆی نەبوونی مەرجەکانی ستافی پێویست بە پێی ڕێنماییەکان و دووبارەبوونەوەی ناوی ستافی بەشەکانی تر لە بەشی ژمێریاری.

٢- بە پێی ڕێنماییەکان هیچ زانکۆیەك بۆی نیە گۆرانکاری لە پلان بکات و کورسی خوێندن زیاد بکات بۆ پلانی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتەوە.

٣- دوای دەرچوونی ئەم نووسراوە، وەزارەتمان بە بەردەوامی بەدواداچوون دەکات کە ئەگەر هاتوو هەر بەشێکی زانستی مەرجەکانی کردنەوەی خوێندنی ماستەر یان دکتۆرای تێدا نەبێت ئەوا خوێندن لەم بەشانە ڕەتدەکرێنەوە و زانکۆکان بەرپرسن لە ئەنجامەکەی.

**بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .لەگەڵ ڕێزدا...**

**د.یـوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة البحث و التطوير
مديرية الدراسات العليا

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

* نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی وەزیر (٢)/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
* ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان/ نووسینگەی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
* دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەرێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
* گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
* بەرێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.
* دەرکردە/خولاو.

**خشتەی پلانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

**زانکویا دهوك/ ك. پەروەردە بنیات**

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکردە *

| فاکەڵتی /کۆلێژ/ سکوڵ / | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوییەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پارالیل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان |
| پەروەردە بنیات | ماتماتیک | ماتماتیک | ٤ | ٠ | ٢ | ٦ |
| | پەروەردە و دەروونناسی | پەروەردا تایبەت | ١ | ٠ | ١ | ١٤ |
| | | پیڤان و هەلسەنگاندن | ٠ | ٢ زانکۆیا راپەرین | ٢ | |
| | ڕێکێن وانە گوتنێ | ڕێکێن وانە گوتنا گشتی | | ٢ زانکۆیا راپەرین | ٢ | |
| | | ڕێکێن وانە گوتنا زمانێ کوردی | | ٢ زانکۆیا راپەرین | ٢ | |

**خشتەی پلانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

**زانکویا. دهوك/ ك .** دەرمانسازی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکـــردە *

| فاکەڵتی /کۆلێژ / سکوڵ | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پارالێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامەزراوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | **کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان** |
| دەرمانسازی | Pharmacy | **Clinical pharmacy** | ٠ | ٠ | ٢ | ٢ |

خشتەی پلانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)

زانکویا دهوك/ ك. کارگیری وئابووری

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکردە *

| فاکەڵتی /کۆلێژ/ سکوڵ / | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوییەکان | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پارالێل | کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کارگیری وئابووری | زانستین دارایی وبانکی | ادارة المالية | ١ | | | ٥ |
| | | مالية عامة | ١ | | | |
| | | ادارة المصارف | | | ١ | |
| | | نظم معلومات مصرفية | | ١ ز.پ.دهوك | | |
| | | اسواق مالية | | | ١ | |
| | کارگێری کار | ادارة الكترونية | ١ | | ٠ | ١٠ |
| | | نظم معلومات ادارية | ١ | | ٠ | |
| | | إدارة تسويق | | ١ ز.پ.دهوك | ١ | |
| | | إدارة الموارد البشرية | | ١ ز.پ.دهوك | ١ | |
| | | ادارة منظمة | | | ٢ | |
| | | إدارة استراتيجية | | | ١ | |
| | | ادارة انتاج وعمليات | | | ١ | |
| | ئابووری | التنمية الاقتصادية | | | ١ | ٩ |
| | | اقتصاد مالي | | | ١ | |
| | | اقتصاد نقدي | | | ١ | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | اقتصاديات الطاقة | ١ | | ١ | |
| | | اقتصاديات المعرفة | | | ١ | |
| | | اقتصاديات السكان | | | ١ | |
| | | الاقتصاد الدولي | ١ | | ١ | |
| | ژمێریاری | محاسبة مالية | | ٢ ز.راتەرين | ١ | ٥ |
| | | نظم معلومات محاسبية | | ١ ز.راتەرين | ١ | |

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکردە *

## خشتەی پلانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)

**زانکویا دهوك/ ك.** زانستێن مروڤایەتی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانس...
* دەرکـــردە *

| فاکەڵتی /کۆلێژ/ سکوڵ / | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پارالێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامەودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامەودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | **کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان** |
| زانستێن مروڤایەتی | ئینگلیزی | زمانەوانی/ زمانێ ئینگلیزی | ٤ | ٠ | ٢ | ٦ |

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکــــردە *

خشتەی پلانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)

**زانکویا دهوك/ ك. پەروەردە/ ئاکرێ**

| فاکەڵتی /کۆلێژ / سکوڵ | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پاراڵێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی داموودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان |
| پەروەردە/ ئاکرێ | زمانێ عەرەبی | زمان | ٣ | ١ ز. ڕاپەڕین | ٤ | ١٦ |
| | | ئەدەب | ٣ | ١ ز. ڕاپەڕین | ٤ | |

# خشتەی پلانی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکسردە *

## زانکویا دهوك/ ك. ئەندازیاری

| فاکەڵتی /کۆلێژ/ سکوڵ / | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی): ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە) + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوییەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پارالێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامەودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامەودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەندازیاری | شارستانی Civil Engineering | بیناکاری Structural Engineering | | ٢ - زانکوی راپەرین | ٣ | ٥ |
| | | جیوتەکنیک Geotechnical Engineering | ٢ | | ١ | ٣ |
| | | کەرستێن ئاڤاهیێ Construction Materials | ٢ | | | ٢ |
| | | رووپیڤان Surveying Engineering | ٣ | | | ٣ |
| | ئەندازیاریا کارەبا و کومپیوتەر Computer and Electrical Engineering | ئەندازیاریا کومپیوتەری Computer Engineering | ١ | ١- زانکوی راپەرین | ٣ | ٥ |
| | | ئەندازیاریا گەهاندنێ Communication Engineering | ١ | | ٣ | ٤ |
| | | ئەندازیاریا توانا Power Engineering | ٢ | | ٣ | ٥ |
| | ئەندازیاریا ژێدەرێن ئاڤێ Water Resources Engineering | هایدرولیك Hydraulic | ١ | | ٢ | ٣ |
| | | هایدرولوجی Hydrology | | | ١ | ١ |

**خشتەی پلانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

**زانکویا دهوك/ ك. پەروەردە بنیات**

| فاکەڵتی /کۆلێژ/ سکوڵ | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پارالێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامەودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامەودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | **کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان** |
| **پەروەردە بنیات** | پەروەردا دەروونناسی | **رێکێن وانە گوتنا ماتماتیک** | ١ | ٠ | ٠ | ١ |

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکـــردە *

**خشتەی پلانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)**

**زانکویا. دهوك/ ك . بزیشكی ددان**

| فاکەڵتی /کۆلێژ/ سکوڵ | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پاراڵێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامووەدەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان |
| پزیشکی ددان | Basic Sciences | Histo pathology | ٠ | ٠ | ١ | ١ |

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکردە *

## خشتەی پلانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ سیمستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)

### زانکویا دهوك/ ك. كارگيرى وئابوورى

| فاكەڵتى /كۆلێژ/ سكوڵ | بەشی زانستی | پسپۆری (ئەگەر هەیە) | پلان (ژمارەی کورسی): ژمارەی کورسی پێویست بۆ گشت دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا (خودی زانکۆکە + سەرجەم دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا) | ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان (ژمارەی کورسی و ناوی زانکۆکە بنووسە) | ژمارەی کورسی بە سیستەمی پاراڵێل ( بۆ پێشکەشکارانی دەرەوەی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا + پێشکەشکارانی دانەمەزراو + ئەو پێشکەشکارانەی لە دامودەزگاکانی خوێندنی باڵان و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندووە | کۆی گشتی ژمارەی کورسیەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| كارگيرى وئابوورى | ئابووری | اقتصاد حضري | ٠ | ٠ | ١ | ٢ |
| | | سياسات مالية | ٠ | ٠ | ١ | |
| | ژمێریاری | محاسبة مالية / نظرية | ڕەزامەندی نەدرا بە هۆی نەبوونی مەرجەکانی ستافی پێویست بە پێی ڕێنماییەکان و دووبارەبوونەوەی ناوی ستافی بەشەکانی تر لە بەشی ژمێریاری. | | | |
| | | محاسبة مالية / محاسبة متخصصة | | | | |
| | | محاسبة ادارة وكلفة /محاسبة كلفة | | | | |

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکرده *

حکومەتا هەرێما کوردستانێ - عیراق
وەزارەتا خوێندنا بالا و توێژینەوەیا زانستی
سەروکاتیا زانکویا دهوک
رێڤەبەریا خواندنا بلند و ناردن

حكومة اقليم كوردستان - العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة دهوك
مديرية الدراسات العليا و البعثات

Kurdistan Regional Government – Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research, University of Duhok
**Directorate of Postgraduate Studies & Scholarships**

## ئاگەهداری

## پێشکێشکرن بۆ خواندنا بلند (ماستەر و دکتورا) ل کولیژێن زانکویا دهوک
## بۆ سالا خواندنێ (٢٠١٦-٢٠١٧) بو سمێستەرێ هاڤینێ

زانکویا دهوک دەستپێکرنا پێشکێشکرنێ بۆ خواندنا بلند
(ماستەر و دکتورا) د بوارێن لیستا
هەڤپێچ دا هاتین بۆ سالا خواندنێ (٢٠١٦ - ٢٠١٧) رادگەهینیت.

تێبینیێت

پێشکێشکرن دێ دەست پێ کەت هەر ژ روژا چار شەمبی رێککەفتی (٢٠١٧/٤/٢٣) تا کۆ روژا پێنج شەمبی رێککەفتی (٢٠١٧/٥/٤)بەری دوماهی هاتنا دەواما رەسمی.

1- پێشکێشکرن دێ ل هوبێن خواندنا بلند هێتە کرن ل کولیژان.
2- تاقیکرنا زانستی ( الامتحان العلمي) بو خواندنا بلند (ماستەر) دێ ل روژا دوو شەمبی رێککەفتی (٢٠١٧/٥/١٤) و بو خواندنا بلند (دکتورا) دێ ل ل روژا سێ شەمبی رێککەفتی (٢٠١٧/٥/١٥)کولیژان پەیوەندیدار ل دەمژمێر (١٠:٠٠) دەمێ سپێدێ هێتە ئەنجام دان.
3- دڤێت ئەنجامێن بەراهیێ بهێنە رەوانەکرن بو وەزارەتا خواندنا بلند و ڤەکولینێن زانستی تاکو دەمژمێر (١٠) سپێدەهیا روژا پێنج شەمبی رێککەفتی (٢٠١٧/٥/٣٠) ژبو پەسەندکرنێ.

Zakho Street 38
1006AJ Duhok
Kurdistan Region – Iraq
Tel. 062 7652611

شارع زاخو 38
دهوك 1006AJ
اقليم كوردستان – العراق
www.uod.ac

رێکا زاخو 38
دهوک 1006AJ
هەرێما کوردستانێ - عیراق
postgrad@uod.ac

No:
Date: / /

ژمارە: ٥٨٢٠
ڕێکەوت: ٢٤/ ٤/ ٢٠١٧ ی زایینی
٤/ ٢/ ٢٧١٧ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکـــردە *

بۆ/ گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان:-

نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ

نووسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

ب/ پرۆسەی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرای سیستەمی هاوینە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧

سڵاو و ڕێز...

پاڵپشت بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٩-١-٢٠١٧) و ڕێکەوتی (١٥-٢-٢٠١٧) و ڕێکەوتی (٢٠١٧/٤/١٦) و پاش پەسەندکردنی پلانی زانکۆکان لەلایەن (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا) و بەڕێز وەزیر سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی باڵا/ماستەر و دکتۆرای زانکۆکانی هەرێم بۆ سیستەری هاوینەی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان ڕوونەکەینەوە بە مەبەستی جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی:-

١. پرۆسەی پێشکەشکردن لە زانکۆکان بەم شێوەیە دەبێت:-

أ- ماوەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە سەرجەم زانکۆکان، لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٤-٤-٢٠١٧) دەست پێدەکات تاوەکو کۆتایی دەوامی فەرمی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٤-٥-٢٠١٧) بەردەوام دەبێت.

ب- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی خوێندنی ماستەر: ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (١٤-٥-٢٠١٧) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لەسەرجەم زانکۆکان ئەنجام دەدرێت.

ت- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی خوێندنی دکتۆرا: ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (١٥-٥-٢٠١٧) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لەسەرجەم زانکۆکان ئەنجام دەدرێت.

ث- ماوەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانسی زانستی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە هەر بەشێکی زانستی لە لایەن لیژنەی تاقیکردنەوەکان دیاری دەکرێت ئەمەش بە گوێرەی ماوەی پێویست بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەبێت.

ج- دەستپێکردنی دەوامی ئەکادیمی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بۆ سیستەری هاوینەی ساڵی (٢٠١٦-٢٠١٧) لە سەرەتای مانگی (٧/تەمموز) دەبێت.

٢. گشت مەرج و بڕگەکانی هاتوو لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لەسەر پێشکەشکاران و پرۆسەی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا بۆ سیستەری هاوینە جێبەجێ دەکرێت.

٣. مەرجی زمانی ئینگلیزی بە هەمان مەرجی هاتوو لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا دەبێت.

٤. لەبەر نەبوونی پرۆسەی دڵنیایی جۆری (زانستخوازی بەردەوام و هەڵگەی مامۆستا) لە دەرەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و بە مەبەستی بەرپاکردنی دادوەری لە نێوان خوازیارانی دەرەوە و ناوەوەی خوێندنی باڵا، هیچ خاڵ ئەژمار ناکرێت بۆ ئەو چالاکیانە بۆ خوازیارانی ناوەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە کاتی پێشکەشکردنیان لەسەر کورسیەکانی خوێندنی دکتۆرای بازنەی پاراڵێل.

٥. پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٤/١٣) لە (٢٠-٧-٢٠١٧)، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان نیە پێشکەشی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بکەن لە زانکۆکانی کوردستان، هەروەها پاڵپش بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) پلە تایبەتەکان تاوەکو لەو پۆستەدا بن بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان بکەن لەبەرئەوەی ناتوانرێت خوێندن و ئەو جۆرە پۆستە پێکەوە راهی بکرێت.

٦. لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی هەر زانکۆیەك پێك دێت بە مەبەستی وردبینیکردن بۆ دۆسیەی گشت پێشکەشکاران پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی بە شێوەیەك کە سەرجەم برگەکانی هاتوو لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی ماستەر و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی خوێندنی دکتۆرا لەسەر پێشکەشکاران جێبەجێ بکرێت، بە پێچەوانەوە زانکۆکان بەرپرسن لە ئەنجامەکەی.

٧. بڕی پارەی وەرگرتنی فۆرمی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا، بە پێی بڕیاری ژمارە (٨٦)ی (٢-٥-٢٠١٦) سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کە بە نووسراوی وەزارەت ژمارە (١٢٤٦٠) لە (١٧-٨-٢٠١٦) گشتاندنی پێکراوە بۆ زانکۆکان و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٢٠٢) لە (٢٨-٨-٢٠١٦) بلاوکراوەتەوە، لە خشتەی ژمارە (٣) خانی (١٢)ی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هاتووە کە لە بەرامبەر فۆرمی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا( دبلۆمی باڵا- ماستەر - دکتۆرا) بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار لە گشت خوازیاران بەبێ جیاوازی وەردەگیرێت.

٨. پێویستە لەسەر بەشە زانستیەکان کە پلانی خوێندنی ماستەر یان دکتۆرایان هەیە بۆ سیمستەری هاوینە، بە زووترین کات ئەو بابەتانەی داواکراون بۆ تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە تابلۆی ئاگاداری بەشەکان هەڵبواسرێت بە مەبەستی ئاگاداربوونی پێشکەشکاران.

٩. دوای پەسەندکردنی پلانی زانکۆکان لە لایەن وەزارەتەوە، بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری لە پلان ناکرێت و کورسی خوێندن زیاد ناکرێت.بۆیە هیچ جۆرە نووسراوێك لە لایەن زانکۆکان بۆ ئەم مەبەستە بۆ وەزارەت بەرز نەکرێتەوە.

١٠. پێویستە لەسەر زانکۆکان دۆسیەی مامەڵەی پێشکەشکردن لە ڕێگەی یەکێك لەم دوو ڕێگایەی خوارەوە لە خوازیاران وەربگرن:-

أ- فۆرمی پێشکەشکردن لەسەر سایتی زانکۆکان دابندرێت و سەرەتا خوازیار گشت پێداویستیەکانی پێشکەشکردن بە شێوەی ئۆنلاین بۆ زانکۆکان بنێردرێت و دواتر پێش کۆتایی ماوەی پێشکەشکردن بە شێوەی (Hard copy) گشت پێداویستیە رەسەنەکان پێشکەش بە زانکۆ بکات.

ب- یان لە لایەن خوازیار وێنەیەك لە گشت پێداویستیەکانی پێشکەشکردن بە شێوەی ئەلیکترۆنی بخرێتە سەر (CD) یان (DVD) و لەگەڵ پێداویستیە رەسەنەکان بە شێوەی (Hard copy) پێشکەش بە زانکۆی بکات.

١١- پرۆسەی پێشکەشکردن لەسەر کورسیەکان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:-

أ- بە پێی ڕێنماییەکان پێشکەشکردن بۆ کورسیەکانی خوێندنی باڵا (جگە لە کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و پۆلیتەکنیکەکان) بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و هەموو پێشکەشکارێك کە لە دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت بە شێوەی میلاکی هەمیشەیی، مافی هەیە پێشکەشی بکات و لە نێوان خۆیان پێشبڕکێ بکەن لەسەر ژمارەی کورسیەکانی بازنەی خوێندنی باڵا. لە حاڵەتی تەرخانکردنی کورسیەکی خوێندنی باڵا بۆ بەشێکی دیاریکراو یان کۆلێژێك، ئەوا خوازیار لە هەر زانکۆیەك بێت بۆی هەیە پێشکەشی بکات بەلام پێویستە بەڵێندامە بدات کە لە کاتی وەرگیرانی و پێش دەستپێکردن بە خوێندن خۆی بگوازێتەوە بۆ سەر میلاکی ئەو زانکۆیە.

ب- سەبارەت بە کورسی تەرخانکراو بۆ زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان، پێشکەشکارەکانی زانکۆکانی تر هاوشانی خوازیارانی میلاکی ئەو زانکۆیانەی کورسیان بۆ تەرخانکراوە، دەتوانن پێشکەشی ئەو کورسیە تەرخانکراوانە بکەن بە مەرجێك بەڵێننامە بدەن لە کاتی وەرگرانیان میلاکیان بگوازنەوە بۆ سەر میلاکی ئەو زانکۆیەی کورسی بۆ تەرخانکراوە، هەروەها مەرجە لە (١) یەك پێشکەشکار زیاتر هەبێت بۆ پێشبڕکێ لەسەر هەر کورسیەکی تەرخانکراو بۆ ئەو زانکۆیانە، بە پێچەوانەوە کورسیەکە پوچەڵ (إبطال) دەبێتەوە.

ت- خوازیارانی دەرەوەی دامودەزگاکانی خوێندنی باڵا و خوازیارانی دانەمەزراو لە حکومەت بۆیان هەیە لەسەر کورسیەکانی پاراڵیل پێشکەشی بکەن بۆ پێشبڕکێ لەسەر کورسیە تەرخانکراوەکان، لێرەدا ئەگەر پێشکەشکار لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا پێشکەشی کورسی پاراڵێلی کرد ئەوا شێوازی خوێندنەکەی دەبێتە پاراڵیل و خەرجیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١٢- سەبارەت بە دەرچووانی زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکانی کوردستان کە ئارەزوومەندن بۆ پێشکەشکردن لە بەشە زانستیەکانی پەیوەندیدار لە زانکۆکانی تر، لیژنەی زانستی بەشی پەیوەندیدار دەسەڵاتی دەبێت بۆ رەخساندنی یان نەرەخساندنی بواری پێشکەشکردن دوای بەراوردکردنی پرۆگرامی خوێندن لە هەردوو بەشەکە.

بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست .لەگەڵ رێزدا...

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکسرده *

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

* نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* نووسینگەی بەڕێز راوێژکارانی وەزیر (٢)/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* ئەنجومەنی کوردستان بۆ بسپۆڕیە پزیشکیەکان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دەستە/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری کارگێڕی/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەراییەکان.
* وتەبێژی وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* دەرکردە/خولاو.